# یەکگرتنەوەی هەردوئیدارەی هەرێمی کوردستان لەنێوان تاکتیك وستراتیژدا .

**ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان**

بەرئەنجامی ئەوئالْو گۆڕە سیاسیانەی کەبەسەرعێراقدا هات  بەدەرلەوەی کەچەندین خالّی نێگەتیفی لەگەلّ خۆیدا هێناوە ، کۆمەلّێك هەلومەرجی بابەتی هاتنە پێشەوە کەبون بەهۆیی زیاترلێکــنــزیك کردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، لەگەلّ ئەوەشدا کە ئەودو حیزبەهەرلەسەرەتای دروست بونیانەوە وەك دوهێزی سیاسی بەدرێژای مێژوی ڕابوردویان یەکتریان پێ قبولّ نەکراوەوهەمیشەهەولّیان داوە بەهێزی چەك وبەڕێگای غەیرەی دیموکرسیانە یەك ئەوی ترلەمەیدانی ململانەی سیاسیدا بخاتەحاشیەوە ، ڕەگ وڕیشەی ئەم ناکۆکیە دورودرێژەو سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکان ، تەنانەت لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری سالّی1991یشدا کەئەم دوحیزبە پارلەمان وحکومەتی هاوبەشیان پێکهێنا نەیان توانی بۆماوەی دوسالّ بەیەکەوەکاری سیاسی بکەن .

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعــــس بەهۆی ئەوهەل ومەرجەنوێ یانە ، بەتایبەتیش یەکخستنەوەی هەرێمی کوردستان لەگەلّ دەولّەتی ناوند کەماوەی 14سالّ بو لەئەنجامی هێرشی هاوپەیمانان بۆسەر عێراق و ڕاپەڕینی سەرتاسەری لەم ولّاتە دا کوردستان بەکردەوە لەعێراق دابڕابو ، ئەم ئالْوگۆڕانەهاوکێشەی سیاسی ناوچەکەی گۆڕی ، پێشتر کێشەی ئەم دوحیزبە لەسەرکورسی دەسەلّات وسەرچاوەکانی داهاتی کوردستان بو ، بە یەکخستنەوەی هەرێمی کوردستان لەگەلّ دەولّەتی مەرکەزیدا ئەوهۆکارانەی شەڕی ناوخۆی لێ ئەکەوتەوەوئەوکێشانەی کەیەکێتی وپارتی لەسەری پێك نەدەهاتن بەشێوەیەکی قانونی لەم پرۆسەیەداکالّ بونەوەوتاڕادەیەك لەبەین چون ، بەپێی دەستوری کاتی ئەبێ داهاتی ولّات وهێزەچەکدارەکانی {سوپا}و پەیوەندیەکانی دەرەوە و زۆرشتی ترلەگەلّ دەولّەتی مەرکەزیدا ئەبێ یەك بخرێنەوە ، کەئەمانەبەرجەستەترین هۆکاری شەڕی ناوخۆبون ، ئیترمەسەلەیەکی تری گرنگی ئەوتۆ لەکوردستان نامێنێت کەئەم دوو حیزبەلەسەری بەشەڕ بێنەوە لەم قۆناغەدا ، ئیترکێشەسەرەکیەکانیانی ئەم دوحیزبە بەتایبەتی سەبارەت بەدیاری کردنی جوگرافیایی سیاسی کوردستان وبەدەست هێنانی دەسەلّات ومیزانیەوزۆرشتی ترلەگەلّ دەولّەتی ناوند ڕوبەڕوئەبێتەوە .

بەپێچەواەەوە بەهۆی ئەوئالْوگۆڕانەئەمڕۆ بەرژەوەندی وچارەنوسی یەکێتی وپارتی لەم قۆناغەدا بەستراوەتەوە بەیەکەوە ، کێشەوململانەی سیاسی ئەم دو حیزبەلەناوخۆی کوردستان بۆتەپلەدوو ، لەدوای هەلّبژاردنەکان ودەرکەوتنی سەنگ وقورسایی سیاسی وئیرادەی یەکگرتوانەی خەلّکی کوردستان لەهاوکێشەسیاسی یەکانی عێراقدا پارتی ویەکێتی بردۆتەئاستێکی بەرزتروبەهێزتر و زیاتر هانیان ئەدات بەرەویەکگرتنەوەی هەردو ئیدارەکە ، نەك هەرئەوە بەلّکو ئەم دوحیزبە لەحالّەتی دیفاعی یەوە ئێستاچونەتەمەیدانی هێرش بردنەوە ، بەشێوەیەکی شێلگیرانەتر فشارئەخەنەسەردەولّەتی مەرکەزی ولەئاستێکی فراوانتردا داخوازیەکانیان ئەخەنەڕو ، ئەمڕۆ ئاشکراترلەجاران باس لەکێشەی کەرکوك ئەکەن و لەسەر زاری بەڕێز مام جلال ئامادەیی خۆیان نیشانداوە لەبەرامبەرگەڕانەوەی شاری کەرکوك بۆ سەر جوگرافیای کوردستان دەست لە داخوازی یەکێك لەپۆستە سەرەکیانی عێراق هەلّ ئەگرن کەزۆربەجددی پێشترداوای پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق یان ئەکرد .بەڕێز کاك مسعودبارزانی جگەلەمەسەلەی کەرکوك کۆمەلّێك داخوازی تری خستۆتەڕو ، بەتایبەتیش باس لە خاوەنداریێتی داهاتە سروشتیەکانی کوردستان ئەکات لەنمونەی نەوت وهەروەها داوای مانەوەی 100هەزارچەکدارلەمیلیشیای پێشمەرگەئەکات .

دیاری کردنی سنوردودەسەلّاتەکانی ئیدارەی ئایندەی کوردستان بەپێی دەستوری کاتی لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتودا ئەبێت وهەربەپێی ئەودەستورە ئەبێ هەمو میلیشیاکان هەلّ بوەشێنەوە وسوپایەکی یەکگرتولەعێراقدا دابمەزرێتەوە ، ئەم مەسەلەیەلەزەرەری کوردەکان ولەبەرژەوەندی سەرجەم هێزەعێرایەکاندایە سەبارەت بەپاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق ولەهەمەمان کاتدا دەبێتەهۆی هەلّوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگەولاوازکردنی هێزی بەرگری حیزبەکوردستانیەکان لەبەرامبەربەهەرهێرشێکی ئیحتمالی دەولّەتی مەرکەزی لەداوڕۆژدا ، کەواتە چەسپاندنی هێزودەسەلّاتی پارتی ویەکتی لەدەستوری هەمیشەیی عێراق وبەتایبەتیش لەکوردستانی ئایندەدابۆتەئامانجێکی ستراتیژی هاوبەش لەنێوان ئەودو حیزبەلەئێستادا .

ئەوئالۆگۆڕەسیاسی یانەی کەبەسەرعێراقداهاتن بەجیالەخاڵەنێگەتیفەکانی کاریگەری پۆزەتیفانەی یەکجارزۆری هەبو نەك هەربۆیەکخستنەوەی ئەودوئیدارەیە بەڵکو ئەوئالۆگۆڕانەدەبنەهۆکارێکی بنەڕەتی وفشارێکی بەهێزسەبارەت بەچەسپاندن وگەشە پێدانی سیستمی دیموکراتی لەکوردستان ، هەرچەندە سەرەڕای هەموئەم فشارانەش پارتی ویەکێتی هێشتاهەردودڵن سەبارەت بەئایندەی عێراق وبەرژەوەندی ورۆڵ ودەسەلاتی ئەوان لەم ولاتەداو تائێستاش سەبارەت بەیەکخستنەوەی وەزارەتە گرنگەکانی پێشمەرگەو ناوخۆ و دارایی هیچ بڕارێکیان نەداوە ، بەلام سەرئەنجام پارتی ویەکێتی ئەگەر بیانەوێت حکومەتێکی یەکگرتولەکوردستان دابمەزرێننەوەوهەردوئیدارەکەبکەنەوەبەیەك ، بەبێ تێکەلاوکردنەوەی هەمو وەزارەتەکان ودامەزراندنی دەوڵەتێکی تۆکمە ناتوانن ببنەهێزێکی یەکگرتولەبەرامبەرفشاری ڕقیبەکانیانداولەناوخۆی کوردستانیشدا ئەم پرۆسەیەنوقسان دەبێ وئاشتی یەکی پایەداری لێ ناکەوێتەوە .

یەکێك لەخاڵەهەرەلاوازەکانی پرۆسەی ئەم یەکگرتنەوەیە ومەسەلەی دیموکراسی لەکوردستان ، دابەشکردنی کورسی یەکانی پارلەمانە بەتەوافق بەرلەهەڵبژاردنەکان ، بۆئەوەی ئەولاسەنگیەنایاساییەڕاست بکرێتەوە پێویستەلەگەڵ هەڵبژاردنەگشتی یەکانی عێراقداکەبڕیارەلەکۆتایی ئەمساڵدائەنجام بدرێت ، سەرلەنوێ هەڵبژاردنێکی ڕاستەقیەلەکوردستان بکرێتەوە وپارتی ویەکێتی پابەندی ئەوەبن کەئەنجامەکانیشی قبوڵ بکەن .

هۆڵندا 2005-2-21